# بۆ کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە

# ئیوە بە خوێنی خۆتان داستانێکی دیکەی چینایەتیتان بۆ کرێکاران لە کوردستان تۆمارکرد!

**هاورێیانی کرێکار ... سلاوتان لێبێت.**

ڕۆژی 27ی تەموز بۆ ئیمەو بۆ هەموو ئازادیخوازانو ئینسان دۆستانی دنیا، ڕوداوێکی دڵتەزێنو لەهەمانکاتدا جەرگ بڕ بوو. ئێوە چەند داواکارییەکی سادەو ئاسایی خۆتان وەك زیادکردنی موچەو گێرانەوەی کرێکارە دەرکراوەکان بۆ سەرکار خستە بەردەم بەڕێوەبەری کارگەکەتان، بەڵام بەرێوەبەری کارگەکەو پۆلیسو پارێزەرانی سەرمایەو سەرمایەدارانی کوردستان بە فەرهەنگو یاسایەك کە پەروەردەکراون، نەك بواری ئەوەیان نەدا، کە گوێبیستی داوکانتان بن بەڵکو 13کرێکاریان قەسابی کرد. گەورە سەرمایەدارانی کوردستانو بەریوەبەری کارگەی چیمەنتۆ وەك فەرمانبەرێکی چاوچنۆكو رەزیلی بەردەستی سەرمایەداران، نەك گوێبیستی داوکاری کرێکاران نەبوو، بەڵکو وەك خاوەن کۆیلەیەك رەفتاری کرد. ئەم رەفتارو تاوانە حاشا لەوە دەکات کە بەشێوەیەکی شارستانیو تەنانەت وەك بەرێوەبەری هەر کارگە یان وەك سەرمایەدارانی دیکەی دنیا بکەونە گفتوگۆ لەگەلتانو لە ئەنجامی ئەوەشدا بگەنە ڕیکەوتنێك وەك عادەتێکی باوی چارەسەری کێشەی نێوان کرێکارانو خاوەن کارگەکان. لەکوردستانی عێراق کێشەی چینایەتی ئێوە بارودۆخێکی تایبەتی گرتۆتە خۆ. دەسەلات لەکوردستان تا ئێستا دەسەلاتێکی تاسەر مۆخ میلیشیاییەو تاکە یاسایەك کە بخواتو کاری پێبکرێت یاسایەکە کە میلیشیا لەکاتو ساتی خۆیدا بڕیاری لەسەردەدات بەپێی بەرژەوەندی خۆیان. بەڵام دەسەلاتی میلیشیای لەکوردستان وەك ئەختەبوت تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگای تەنیوەو لەهەموو کەناڵو بوارەکاندا هەلئاوساوەو گەندەڵ بوە، ئەمە راستیەکە خۆیان پێش هەرکەسێکی دیکە جەخت دەکەنە سەری.

بەڵام دەسەڵاتی میلیشیایی نوێنەری بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نیە. ئەگەرچی بەناوی هەموو خەڵکی کوردستانەوە قسەدەکاتو ئیدعای هەیە. دەسەلاتداری ناسیونالیزمی کورد پاریزەری بەرژەوەندی بەشێکی زۆرکەمی خەڵکی کوردستانن. دەسەڵاتی ئەوان دەسەلاتی سەرمایەو سەرمایەدارانی کوردستانەو تەنانەت بەشی هەرە زۆری سەرمایەو سەرمایەدارانی کوردستان یان هەر بەرپرسە گەورەکانی دەسەڵاتن یان ئەوەتا بەپارەو پولو تواناو پشتگیری ئەوانەوە سەرمایەکەیان دەخەنە گەڕ، خاوەنی کارگەکانی چیمەنتۆی شاری سلێمانی نمونەیەکە لەم خاوەن سەرمایانە. دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد تا ئێستا تەنانەت بواری بەوە نەداوە کەلە دەرەوەی حزبو دەسەلاتی خۆیو دەوروبەرەکەی هیچ کەسی دیکە سەرمایە وەبەربهێنێت، ئەمە یاسایەکی میلیشیایی تەواو عەیارەو لە هەمانکاتدا پێکهاتەی زۆر نزیكو یەکگرتووی نێوان سەرمایەو سەرمایەدارنو دەسەڵات بەشێوەیەك نیشان دەدات کە قابیلی ئەوەنیە لە یەکتری جیابکرێنەوە. بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان وەك دەسەلاتدارانو حوکمڕانانی وولاتانی دیکە هەر نوێنەرانی سیاسیو کۆمەلایەتی چینی بورژوازی کوردستان نین، بەڵکو بەرپرسانی خۆیان بەشی هەرە گەورەی ئەم چینە پێکدەهێننو گەورەترین سەرمایەی کوردستان بەدەستی خۆیانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن دەوروبەری خۆیانەوە دەچەرخێت.

ئەم بارە یەکگرتوە فیزیکیەی نێوان سەرمایەو دەسەلاتو سەرمایەدارانو دەسەڵات، فەزایەکی وای پێکهێناوە کە مانگرتنو خۆپیشاندانی ئیوە یان کرێکارانی ئەلبیسە یان کرێکارانی جگەرە یان نەسیج یا کارەباو شارەوانی ... ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەرانبەر دەسەڵاتەکەیان، ئەمە بەجیا لەحوکمێکی گشتی تری سەرمایەداری لە وولاتانی وەك عێراقدا کە دەسەلات هەمیشە لەسەریەتی زامنی هێزی کاری هەرزان بکاتو سەرکوت بکاتە یەکێك لە کۆلەکانی مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری. ئەم ئاوێزان بوونە فیزیکیەی نێوان سەرمایەو دەسەلات، کە هەلومەرجێکی 15 ساڵەی دەسەلاتدارێتی میلیشایی خولقاندویەتی، بەهۆی فەرهودو ئەودیوکردنی سەروەتو سامانی کۆمەلگاو گەندەڵی لە ڕادەبەدەر، کە پارەو زەویوزارێکی کەلەکە کراوەو دواتر وەك سەرمایە خراوەتە گەڕ، بارێکی وای پێکهێناوە کە لەبەرانبەر هەر داواکاریو خواستێکی کرێکاراندا تەقەکردنو گوللە بارانکردن ببێتە وەلامێك لە وەڵامەکان نەك حالەتێکی شازو دانستەو لەهەمانکاتدا هەر مانگرتنو خۆپیشاندانێك ئەگەرچی بەدەوری داوکاریو خواستی ئابوریو پیشەیدا ڕیکخراوبێت دەکاتە جولانەوەیەکی سیاسی تەواو عەیار.

کەواتە گوللەبارانو تەقەکردن وەلامێکە لە وەلامەکانی دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد بەرانبەر بە ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان. ئەمە لەهەڵەبجەو کەلارو کەرکوكو چوارقورنەو بانی مەقامو ئاکرێو دهۆك... رویدا هەرجارێکیش وەك ئەمجارە وتیان کەس ئەمری تەقەی پێنیە، دیموکراتیەو خۆپیشاندان هێمای شارستانیە... ئەم پروپاگەندە پوچانەو ئەم قەوانانە ئێستا بەشێوەیەکی تۆختر لێدەدرێتەوە.

**کرێکارانی ئازادیخوازو ناڕازی!**

پاش 15 ساڵ له دهسهلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد، پاش 15 ساڵ له سهرکوتو بێمافی، پاش 15 ساڵ لهگهندهڵیو شهڕی ناوخۆو ئهودیوکردنی سهروهتو سامانی خهڵکی کوردستان، پاش 15 ساڵ له پهیمانو بهڵێن، پاش 15 ساڵ له نهبونی کارهباو کهمی قوتابخانهو گرانیو نهبونی بهنزین...ههر جۆره چاوهڕوانیهك زهرهرێکی گهورهیه له بزوتنهوهی ناڕهزایهتی ئیوهو خهڵکی کوردستان. دهرسێك که پێویسته وهربگیرێت له تاوانێك که لهکارگهی چیمهنتۆ بهرانبهر به ئیوه کرا، ئهوهیه: که ههرچی زوتر خۆتان ڕێکخراوو یهکگرتوو بکهن. ههرچی زوتره ڕێکخراوی خۆتان پێکبهێننو ههوڵ بدهن لهگهڵ کرێکارانی باقی کارگهو شوێنهکانی دیگهی کوردستان ڕیکخراویکی سهرتاسهریو بههیز پێکبهێنن بۆ ئهوهی بتوانن نهك تهنها چهرخی بهرههمهێنان لهکارگهی چیمهنتۆی تاسلوجه بوهستێنن بهڵکو چهرخی ههموو کارگهو دامودهزگاکان بوهستێنن ئهکهر هاتوو گوێیان له داواکاری ئیوه نهگرتو وهلامی پۆزهتیڤیان پێنهدانهوه، ئهمه ڕیگهیهکه وه دهرسێکه که پێویسته بهشێوهیهکی خێرا له لایهن ئیوهوه پراتیك بکرێت ئهگهر نا ئهو دواکاریانهش که ئهمڕۆ به خوێن بهدهستانهێناوه، زۆر ئاسان سبهینێ لێتان وهردهگرنهوه. ئیوه ئهگهر بێتو ئیرادهی یهکگرتوو ڕیکخراوی خۆتان نیشان بدهن، ئهوکات نهك دهسهلاتداران جورئهتی گولله بارانکردن لهدهست دهدهن، بهڵکو ناچار دهبن که ملکهچ بن به جێبهجێکردنی داواکاریهکانتان. دهرسێکی دیکه: ئهوهیه که پێویسته به شێوهیهکی ڕۆشن ناوهڕۆکی چینایهتی دهسهلاتدارانتان بۆ دهرکهوتبێتو خۆیان بهو تاوانهیان نیشانیاندا که ئهوان بهرژوهندی سهرمایهدارانی کوردستان دهپارێزن نهك " کرێکارانی هێزو بازوو"و" چهوساوهکانی کوردستان"... ئهو یهکێتیو سهندیکا بهناو کرێکاریانهش که پێکیان هێناوه تهنها بۆ ئابلوقهدانی خهباتو ناڕهزایهتیهکانی ئێوهیه...

ههر ئێستا ئیوه پێویستان بهوههیه که موچهکهتان زیاد بکرێت و لایهنی کهمی موچهی ئیوه پێویسته له 375ههزار دیناری عێراقی واته 250 دۆلار کهمتر نهبێت، ههروهها گێرانهوهی تهواوی کرێکاره دهرکراوهکان پێویسته بهفهوری جێبهجێبکرێت. پاشان دوای ئهم تاوانه گهورهیهی که دهرحهقتان کرا چهند داواکاری دیکه پێویسته بخریته سهر لیستی خواستی ئیوه لهوانه پێدانی تهعویزی گونجاوه به تهواوی بریندارهکانو دهرکردنی بهرێوهبهری کارگهیه تهنانهت ئهگهر هیچ تاوانێکی ڕاستهوخۆشی نهبێت... ئهم خواستانه بهبێ ڕیکخراوبونی بههێزو یهکگرتوبونی زیاتری ئێوه مهیسهر نابن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی حزبی ئیوهیهو ئیوه بهتهنها نین. ئێمه به هاوچینهکانتانمان لهدنیادا ڕاگهیاند به زمانهکانی خۆیان به ئینگلیزیو به ئهلمانی، به عهرهبیوفهرهنسیو به سویدی، به فنلندیو بهنهرویجی، به ئیتاڵیویابانی... که خهباتو ناڕهزایهتیو خواستهکانی ئێوه چیبوه، وهچۆن لهئهنجامی بوونی چهند خواستێکی ئاساییدا گوللهبارن کراون. ههر ئێستا هاوڕێیانی ئیوه له شارهکانی کوردستانو له بهغداو بهصره دهنگو خهباتی ئیوهیان داوه بهگوێی خهڵکی عێراقو کوردستانداو لهههوڵی بههێزکردنی هاوپشتیو سهرنج ڕاکێشانی کۆمهلانی خهڵکن بۆ خواستو قهزییهی ئینسانی ئیوه لهههمانکاتدا هاوڕێیانی ئیوه له دهرهوه لهگهڵ ڕیکخراوو یهکێتیيه کرێکارییهکانی دنیادا خهریکن بۆ فشار خستنه سهر دهسهلاتدارانی کوردستان، بۆ ئهوهی دهست بهرداری سهرکوت بن واداریان بکهن به پابهند بون به ئازادییه سیاسیهکانهوه، لهوانه ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندان...

له کۆتاییدا هیوای تهندروستی باش بۆ بریندارهکان دهخوازمو بههیوای ئهوهی که بهزوترین کات بگهرێنهوه سهرکارهکانیانو لهگهڵ ئیوهداو پیکهوه له هاوئاههنگیو یهکگرتوویهکی پتهودا سهرهتای بزوتنهوهیهکی ڕیکخراوو عهزیمی کۆمهلایهتی بهرێبخهنو داستانی ئهمڕۆتان که بهخوێن تۆمارتان کرد، ببێته سهرهتای داستانێکی چینایهتی گهورهترو ئومێد بهخش بهرهو دنیایهکی ئازادو یهکسان.

**سامان کهریم**
zaryak@yahoo.com
29ی تهموزی 2006